# مەدحەت کاکەییی و چوارگۆشەی ڕەش

**دانیال بیرنبووم**
**لە ئینگلیزییەوە: شکۆفە ئەحمەد سۆران**

ئەمانە، کارە هونەرییەکانی مەدحەت کاکەیی هونەرمەند عێراقییە، کە لەو دواییانەدا، ئێمە چەند وێنەیەکی هەڵبژێردراوی ئەو هونەرمەندەمان خستەڕوو لەمۆدێرن میوسێت لە ستۆکهۆڵم دامەزراند. ئەوانەی لەو بیست و پێنج ساڵەی دواییدا ئافرێندرابوون، ئێمە ئەوانمان خستە پاڵ کارە ئەبستراکتەکانی هەندێک لە هونەرمەندە زۆر بەناو بانگەکان، ئەوانەی هەڵستابوون بە ئافراندنی وێنە ئەبستراکتەکان بە تایبەت لەم قۆناغەدا، لەوانەش گێرهارد ڕیچتەر، ڕۆزی ماری ترۆکێل و گۆنزەر فۆرج. ئەو وێنانە چیی هاوبەشیان هەیە؟ شاعیری سووریی ئەدۆنیس لە (خۆر هەر بەخۆی) نووسیویەتی: «سێبەر پێچەوانەی خۆر نییە، سێبەر ڕووناکیی دووەمە»، باوڕی وی بۆ کاکەیی؛ ئەو کەسەی کەوا ژیانی خۆی تەرخان کردووە بە دەیەها ساڵ بۆ وێنەکێشانی چین لەسەر چین لە ڕووناکیی و سێبەر بۆ دروستکردنی گەردوونێکی وێنەکێشان؛ کەوا تێگەیشتنەکانی ڕۆژاوای بۆ وێنەکێشانی مۆنۆکرۆماتیک (هونەری تاکڕەنگیی)، لەگەڵ هونەری ئەبستراکتە، تەواو جیاوازییە کۆنەکان کۆدەکاتەوە. هەروەک چۆن هەموومان دەزانین بیری وێنەکێشانی نامەجازیی، داهێنانێکی نوێ نییە، بەڵام بە دڵنیایی لەلایان هونەرمەندانی پێشەنگی سەرەتای سەتەی بیستەم تێرکراوە بە واتای نوێ.
ئەنیکۆنیزم، قەدەغەکردنی خوازە (دروستکردنی وێنەی خەیاڵیی) و هزری؛ ئەمە ئەستەمە گەورییەکەی نیشان بدرێت، کە بەدڵنیایی نەریتێکە گەیشتووە بە دوورتر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ مێژوو.
مەدحەت کاکەیی، بەڕاستی چاوکراوە بوو بۆ ئەوەی، هەروەک زۆر لە شاعیران، ئەوانەی کەوا وێنەی کێشابوون، بەر تێڕوانینێکی بە ڕەنگە بێکۆتاییەکانی کردبوو. تۆماس تراستۆمەر باوەڕی وایە، کە کاکەیی وێنەی شتێک دەکێشێت، کە چاو ناتوانێت ببینێت، هەست، بۆشاییی خۆی هەیە، کە بەچاوبەستراویی، ئێمە بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات.
مەدحەت کاکەیی، لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووە. لە بەغداد و مەدرید هونەری خوێندووە، لە نیوەڕاستی هەشتایەکان چووە بۆ سوێد و بووە بە هاوڵاتیی سوێدیی، لەم ساڵانەی دواییدا هونەرەکەی لە پێشانگە نێودەوڵەتیەکان زۆر بە دیارکەوتووە. کاکەیی، پێشانگەکەی ساڵی ٢٠١٣ی عەمانی پایتەختی ئوردەنی بە گەڕانەوە بۆ خۆر ناوبردووە، کارتێکراوە بە

گەڕانەوە بۆ کاتێکی تەوەرەییی پێشەنگی مێژوویی لە ڕووسیا. ئۆپێرای فیکتۆرت لە سەرووی خۆر ئافرێندرابوو، ڕێک سەت ساڵ پێشتر، شانۆیەکە ڕازاندرابووەوە، بە تاکرەنگییی مالیڤیچ، لەوانەیە زۆرترین هێمای توندی مۆدێرنیزمیی بێت، کەوا بۆ یەکەمین جار دەرکەوت لەسەر شانۆ. سەتەیەک دواتر، ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهان، تاوەکو ئێستاش سەردەدەنەوە لەم مەیدانە نامەجازییە، وا دەردەکەوێت ئەمە بۆ دەرخستنی چینی نوێ بێت، لە گرینگیی ئەو بە پرۆسەیەکی هەرگیز دواییی نەهاتوو لە هێنانە پێشەوە و بووژاندنەوە، بۆ ماوەی چەند ئەم تابلۆ ڕوونە بێرەنگانە دەبنە سەرچاوەی بەخشینی سرووش بۆ نەوەکانی نوێ لە هونەرمەندان، لەگەڵ ڕۆمانی ئاواتەکانیان؟ ئەو کارەی، کە خاسیەتی سرووشپێدانی نییە و ئەوەی کەوا نەماوەتەوە بۆ دروستکردنی هونەری نوێ، یان خوێندنەوەی نوێ لە هونەر ناگەڕێتەوە بۆ هیچ یاسایەک، هەروەک چۆن کانۆن یان بەرهەمە ئابستراکتەکانی مەدحەت کاکەیی لە مۆزەخانەی مۆدێرندا ئەوەی ڕوونکردەوە ڤیکتۆرت مالیچی لە سەرووی خۆر هێشتاش جۆش دەدات بە یاسایەک، کە هیچی تر دیاریی ناکرێت، بۆچی ئێمە دەگەڕێینەوە سەری وەک ڕۆژاوا.

❊ ❊ ❊

**سەرچاوە:**

https://www.modernamuseet.se/stockholm/en/exhibitions/moment-madhat-kakeis-abstract-cabinett/